## ماكیاژی ڕەنگی تۆخ وەک





ماكیاژەكانی دەم وچاو لە چەند شێوەیەكی ناسك و جوان دەردەكەون، كاتێك خانمان بیانەوێ ماكیاژێك هەڵبژێرن بۆ رووخساریان، لەوانەیە تووشی سەرسوڕمان بن لەوەی چ جۆرە ماكیاژێك ئامادەبكەن، بە تایبەت كاتێك خێرا دەبن لە پێش بۆنە و ئاهەنگەكان، بەڵام دەكرێ سوود لە چەند جۆرە ماكیاژێك وەربگرین بۆ ئەوەی لەگەڵ گشت جۆرە شوێن و بۆنەیەك بگونجێ، ئەمەش لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە :

- بوونی ماكیاژێكی تۆخ بۆ ئەو شوێنانە وەك یەكێك لە مۆدە ناسكەكان دەبێ و دەكرێ سوودیان لێوە وەربگرین.

- سەرەتا دەبێ ڕەنگی ئەساسی بە تەواوی لە رووخسار بدرێ و لەگەڵ ئەوەشدا سەرتاپای شوێنەكان دەربكەون لە ڕەنگی ئەو ماكیاژە.





## مۆدەی بەدڵەی بووک لە کوردستان

مۆدەكانی جلوبەرگی خانمانی بووك، بە چەندین شێوەی جوان دادەنرێ، تەنانەت شێوازەكان بەپێی نەخش و ستایلەكانی جلوبەرگەكان دەبێ، چەندین مۆدەی جیاواز هەن كە وادەكات خانمی بووك سەری بشێوێ لەوەی كامە مۆدە هەڵبژێرێ، لێرەدا چەندین مۆدەی جلوبەرگی خانمان بۆتان دەخەینە روو، كە یەكێكە لە مۆدەكانی جلوبەرگی خانمانی بووك لە شاری هەولێر و كوردستان.

وێنەی ئەو مۆدانە لە شوێنێكی تایبەت بە جلوبەرگی خانمانی بووك وەرگیراوە، بۆ ئەوەی لە نزیكەوە مۆدەكان بزانن و ئاشناییان بەم جۆرە ستایلانە هەبێ، ئەم مۆدەیەش دەبێتە شێوەیەكی تایبەت و جوان لە مۆدەكانی جلوبەرگی بەدڵەی بووكە خانمەكان، لەم مۆدانە نەخشێكی زۆر دەبینین كە هەر یەكە شێوەیەكی ناسك و جوان لە خۆ دەگرێ.





## مۆدەیەکی تازەی پانتۆڵە تەسکەکان







جلوبەرگەكان شێوازێكی كراوە و ناسك لە خۆ دەگرن، بۆ ئەوەی لە نزیكەوە بە مۆدەیەكی جوان و رازاوە دەربكەون، هەر جلێك مۆدەیەكی تایبەت و جوان لە خۆ دەگرێ، دەبێ لەم ڕێگەیەدا كارەكان بە جوانی و ناسكی هەڵبژاردنی بۆ بكرێ، لێرەدا گرنگی بە پانتۆڵەكان دەدەین، كە یەكێكە لە جلوبەرگە سەرنجڕاكێش و بەرچاوەكان، بەهۆی ئەوەی بەشی خوارەوەی جەستە دادەپۆشێ.

یەكێك لە مۆدە جوانەكان بریتییە لە پانتۆڵی تەسك كە شێوەیەكی سەرنجڕاكێش و جوانی هەیە.

ئەم جۆرە مۆدەیە لەگەڵ گشت جۆرە كەرەستەكانی جلوبەرگ كە شێوەیەكی بەرچاو و شیاوە بۆ ئەوەی مۆدەی جلوبەرگی خانمان بێ، لەگەڵ گشت وەرزەكان دەگونجێ، دەكرێ سوودێكی گەورەی لێوە وەبگرین كە مۆدەیەكی بەرچاو و رازاوەیە، زیاتر ئەو جۆرە پانتۆڵە لەگەڵ بۆدی و كراس دەپۆشرێ.

# مۆدەیەکی سەرەنجڕاکێش



- دانانی ڕەنگێکی کراوە بۆ چاوەکان وەک : شین – قاوەیی – پەمەیی، ئەمانەش وادەکات جوانی ماکیاژەکە بە جوانی بدرەوشێتەوە.

- دانانی ڕەنگێکی تۆخ بۆ لێو، وەک ڕەنگی (پەمەیی تۆخ – سووری هەناری – پەمەیی بە بریقە)، ئەو ڕەنگانەش زیاتر ڕازاوەیی بە شێوەی ماکیاژەکە دەدەن.

- ڕەشکردنی پشت چاوەکان، یان بەکارهێنانی ڕەنگێکی وەنەوشەیی یان شین و ڕەشی تێکەڵ، بۆ ئەوەی سەرەنجڕاکێشترین شێوازەکان دروست بکات.

- بە بریقە کردنی پشت چاوەکان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە دیمەنێکی جوان و ڕازاوە ببەخشێ، بەمەش دەکرێ جوانییەکی ڕەها بە ماکیاژێکی لەم جۆرە دروست بکەین.

# هەنگاوەکانی ماکیاژی چاوەکان



بۆ کاری جوانکاری چاوەکان، دەبێ چەندین هەنگاوەکان بگرینە بەر بۆ ئەوەی ماکیاژێکی جوان و ڕازاوە ئامادە بکەین بۆ چاوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا شێوەیەکی جوانی پێویستە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە شێوازێکی تایبەت و ڕازاوە دەربخات، هەنگاوەکانی ماکیاژی چاوەکان دەبێ لە نزیکەوە بە ڕازاوەیی و جوانکاری کاری بۆ بکرێ، لێرەدا هەنگاوەکانمان بە وێنە بۆتان ئامادە کردووە، لە ئەنجامیشدا ماکیاژێکی ناسک و ڕازاوە لە مۆدیەکی ماکیاژی جوان دەردەکەوێت.

دەکرێ لەگەڵ ئەو هەنگاوانەدا ماکیاژێکی جوان بۆ چاوەکان لە چەند ڕێگەیەکی تایبەت دەتوانن سوودی لێوە وەربگرن بۆ ئەوەی ماکیاژێکی شیاو و ڕازاوە بۆ چاوەکان بکەن.





# ئێکسسواری تۆقە دەبێ ناسک و ڕازاوە بێ











ئێکسسوارەکان بە چەندین ڕێگەی تایبەت دەتوانن سوودێکی گەورەی لێوە وەربگرن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کاری جوانکاری بۆ بکەن، یەکێك لە ئێکسسوارە جوانەکان بریتییە لە ئێکسسواری تۆقەی قژ، کە یەکێکە لە ئێکسسوارە سەرەنجڕاکێشەکان، چونکە شێوەیەکی بەرچاو و جوانی هەیە.

بەهۆی ئەوەی شێوەیەکی بەرچاو دەگرێ، دەبێ لە نزیکەوە شێوازێکی جوان لە خۆ بگرێ، تەنانەت ئەو ئێکسسوارە کاری بەستنی قژیش دەکات، بۆیە دەبێ لە شێوەیەکی کراوە و ناسك بێ، کەواتە ئێکسسواری تۆقەی قژ، یەکێك دەبێ لە ئێکسسوارە گرنگەکان بەپێی ئەوەی مۆدیەکی ناسك دەبێ، زیاتر ئەو ئێکسسوارە جوان دەبێ، کاتێك شێوەی لەسەر شێوەی گیاندارە بچووکەکان دەبێ، بەمەش دەتوانین ئێکسسوارێکی کراوە و ناسك ئامادە بکەین بۆ جوانی قژ.









# کڵاش یان پێڵاوە جیهانییەکان

پێڵاوەکان لە گشت جیهاندا بە چەندین شێوەی سەیر و رازاوە ئامادە دەکرێن، تەنانەت هەر یەکەش شێوازێکی جوان و رازاوەی هەیە، لەناو کوردەواری خۆمانیش مۆدەیەکی جوان لە پێڵاوەکان دروست دەکرێت، ئەویش بریتییە لە (کڵاش)ی پیاوان، وەك مۆدەیەکی کۆن و جوان، شێوەیەکی رازاوە لە خۆ دەگرێ، ئەو کڵاشانە لە پەڕۆ دروست دەکرێن.

بەشی زۆری کڵاش لە چەرمی گیانداران دروست دەکرێ، هەر کڵاشێك (١٧) رۆژی دەوێ بۆ ئەوەی بە تەواوی ئامادە بکرێ، دواتر (٥) کەس سەرپەرشتی دەکەن بۆ ئەوەی وەك کڵاشێکی تەواو دەربچێ، ئەوەی بە کڵاشی پەڕۆیی ناسراوە نرخی دەگاتە (٩٠) هەزار دینار، لەگەڵ جۆری دووەم ئەویش بە (٥٠) هەزارە، لەگەڵ ئەوەشدا گرانبەهاترین پێڵاوی تورکی لە بازاڕەکان دەگاتە (٤٥) هەزار دینار!



# لاسایی کردنەوەی سەگ




ئەوانەی گیاندارانیان خۆش دەوێ، کاری وای بۆ دەکەن کە لە مێشکی مرۆڤەوە دووربێ، تەنانەت وادەکەن لەگەڵ گشت ژیانیان بێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدن کە وەك خۆیان بێ، یەکێك لەو کەسانە بریتییە لەو پیاوە کە سەگەکەی ئەوەندە خۆش دەوێ، بۆیە بڕیاریداوە شێوەی خۆی و سەگەکەی وەکو یەك بێ. (ئەنتۆنی) ئەو پیاوەیە لە وڵاتی کەنەدا دەژی، بە هۆی ئەو بڕیارە سەیرەی لە مێشکی دەرچوو، هەڵسا بە نەشتەرگەری بۆ رووخساری خۆی، بۆ ئەوەی شێوەی وەك سەگەکەی بێ، وەك لە وێنەکاندا دەبینن چۆن شێوەی دەم ولێوی گۆڕاوە بۆ شێوەی سەگەکەی.

# (٢١) کەس لـــ

ئوتۆمبێلەکان دروستکراون بۆ ئەوەی خزمەتی مرۆڤی پێوە بکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەر ئوتۆمبێلێك رێژە و ژمارەیەکی دیاریکراوی بۆ دانراوە بۆ ئەوەی جێگەی ئەوەندە کەسە بێتەوە، یان جێگەی ئەوەندە کەرەستەیە بێ، لێرەدا چەندین تاقیکردنەوە ئەنجامدراوە بۆ ئەوەی ئوتۆمبێلێك تاقی بکەنەوە کە چەند کەس دەگرێت. لە وڵاتی




# چەکەکان لە شـــ





دەبێ مرۆڤ ئاگاداری خۆی بێ کاتێك توشی کارەساتە سەیرەکان دەبێ، تەنانەت هەندێك کەرەستە هەن لە شێوەی خۆیان نین و شێوەیەکی دیکەیان بۆ دانراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەس هەستی پێناکات، بۆیە دەبێتە هۆی کارەسات و کوشتن، یەکێك لەو کەرەستانە بریتییە لە چەك، ئەوەی بۆ کاری خراپ و کوشتن

## گڵۆپی سەیر!

ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە کەرەستە دروستکراوەکان، وەك کەرەستەیەك دەکرێ سوودی لێوە وەربگیرێ بۆ ئەوەی شەوانە مرۆڤ بێزار نەکات لە رووناکیەکەی، ئەم گڵۆپە بە جۆرێك دروستکراوە، کە بەرامبەر جووڵە و چاو هەستیاری هەیە، کاتێك کەسێك لە ژێرەوەی ئەو گڵۆپە بخەوێ، چاوی بکاتەوە یان جووڵەیەکی زەق بکات، گڵۆپەکە دادەگیرسێت.

بە پێچەوانەوەش راستە، کاتێك بتەوێ بخەوی یان چاوت دابخەی، لە خۆیەوە دەکووژێتەوە، ئەمەیە بیرۆکە جوانەکانی مرۆڤ کاتێك لە شتی وا دەست پێدەکەن و دەتوانن شتێکی سەیر و جوان دروست بکەن.

## جەنتا و نەخشەدانان بۆ خواردن





کاتێك کەرەستەکان دروست دەکرێن، جۆرێك لە شێواندنیان لە شێوە راستییەکەی خۆی پێوە دیار دەبێ، ئەمەش وادەکات مرۆڤ لێوەی سەرسام ببێ و بیری بۆ کەرەستەیەکی دیکە بچێ، بۆیە لە کەرەستەکان کاتێك لە وێنەکاندا دەردەکەون زیاتر شێواوتر دەبن لەوەی بەرچاو بێ، ئەگەر سەیرێکی ئەو کەرەستانە بکەین، وادەزانین جەنتا و نەقشە. کەچی لە راستیدا ئەوانە (کێك)ە و دەکرێ بخورێت، لە وڵاتی رووسیا ئەو جۆرە کێکە دروستکراوە، شێوەیەکی سەرەنجراکێش و جوانی بەخۆوە گرتووە، تەنانەت وەکو جەنتا و نەخشە دەردەکەون، کەچی لە راستیدا کێکە و ئێوەش دەتوانن کێکی لەم جۆرە دروست بکەن و بیخۆن!

## ـە ئوتۆمبێلێک




بەلجیکا، توانیان سەیرترین تاقیکردنەوە بۆ ئەو لایەنە ئەنجام بدەن، ئەمەش کاتێك ژمارەیەك لە خەڵك ئامادەبوون بۆ ئەوەی لە ئوتۆمبێلێك سەرکەون، تا توانیان خەڵکەکە سواری ئوتۆمبێلەکە بوو، تا ژمارەیان گەیشتە (٢١) کەس، ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە لەوەی چۆن جێگەی ئەوەندە کەسە بۆتەوە تەنیا لەناو ئوتۆمبێلێکی بچووك.



## گەورەترین مشک

گیاندارەکان بە چەندین شێوەی جیاواز گەشە دەکەن، کەچی هەندێکیان لە شێوەی خۆیان لادەدەن و دەبن بە گیاندارێك لە گیاندارەکانی پۆلی خۆیان جیاواز دەبن، تەنانەت دەبێتە حاڵەتێکی سەیر و ئەمەش وادەکات مرۆڤ لێوەی سەرسوڕمان بێ، کە چۆن کاری لەم جۆرە ئەنجام بدات. ئەوەی دەیبینن گیانداری مشکە، بەڵام شێوەی ئەوەندەی پشیلەیەك دەبێ، ئەگەر پشیلە ئەو مشکە ببینێ، دەبێ چ بڵێ! شێوەی گەورەیە وەکو پشیلەیە، بەڵام لە شێوەی مشك دەرکەوتووە، ئەم مشکە گەورەیە لە وڵاتی ئوستترالیا بینراوە و گەورە بووە، کێشی دەگاتە (٥) کیلۆگرام، تا ئێستا کەس مشکی لەم جۆرەی نەبینیوە.

## ـێوەیەکی دیکە





بەکاردەهێنرێ. گشتمان شێوەی چەك دەناسین، بەڵام ئەگەر سەیرێکی ئەو چەکانە بکەین، بێگومان هەستی پێناکەین کە چەك بێ، چونکە لە شێوەی کەرستەی دیکەدا دروستکراوە، بەمەش دەبێتە یەکێك لە کەرەستە سەیرەکان، بە جۆرێك شێوەیەکی نادروستی خۆی لە خۆ دەگرێ، بۆیە هەوڵبەدەن لەم لایەنە ئاگادار بن.

# كەلـووەكان



## كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

كەسێك هەیە بەردەوام لە دژی تۆ قسە دەكات و هەوڵ ئەدات تورەت بكات، چارەسەر ئەوەیە هیچ بایەخ بە قسەكانی نەدەیت لەبەر ئەوەی ناگەیتە هیچ ئەنجامێك لەگەڵ ئەو كەسەدا، بۆیە واباشترە قسەكانی كاریگەری لەسەرت دروست نەكات.



## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەگەر نیازی ئەنجامدانی هەندێ گۆڕانكاریت هەیە لە ژیانتدا، ئەوا ماوەیەكی تر چاوەڕوان بە و پەلە مەكە لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیت ئەوە دەخوازێت كە ئەم ماوەیە وەك پێشتر بەردەوام بیت لەسەر ئەو بەرنامەیەی پەیڕەوت دەكرد..



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئێستا كاتی ئەوە هاتووە تواناكانت بە دیار بخەی و بیسەلمێنی كە توانات هەیە پشت بە خۆت ببەستیت، چەند كارێكی گرنگ چاوەڕوانت دەكەن ئەگەر بە سەركەوتوویی كۆتاییان پێ بهێنی، ئەوا دەستكەوتی زۆر گەورە بەدەست دێنیت.



## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

باری داراییت لەئاستی پێویست نییە، ئەوەت لەیاد بێت لەماوەیەكی نزیكدا بڕە پارەیەكت دەست دەكەوێت و چارەسەری هەندێ گرفتت دەكات، پێویستت بە بەخت هەیە بۆ ئەوەی ئەو شتەی خەونی پێوە دەبینی بە زووترین كات بێتەدی.



## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

بیروبۆچوونەكانت روون بكەوە بۆ ئەو كەسەی دەتەوێت بەبێ بوونی هیچ ترس و گومانێك لەبەر ئەوەی هەر تۆ براوە دەبیت و لەبەرژەوەندی تۆ كۆتایی پێ دێت، چاوەڕوان بە هەواڵێكی زۆر خۆشت پێدەگات لەچەند رۆژی داهاتوودا.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەو شتەی دەمێكە خەونی پێوە دەبینی و وات لێهاتبوو بێ هیوا بیت لەوەی بێتەدی، ماوەیەكی تر دوا دەكەوێت ئەویش بەهۆی ئەو بەربەستانەی كە بوونەتە رێگر و پێویستە چارەسەریان بۆ بدۆزیتەوە، ئەگەرنا زیاتر دوادەكەوێت.



## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

داوات لێدەكرێت بۆ بەشداریكردن و ئامادەبوون لەئاهەنگی كەسێكی زۆر ئازیز و نزیكت، ئامادەبوونت وات لێدەكات هەست بە ئاسوودەیی بكەی بەتایبەتی كە ماوەیەكی زۆرە بەشداریت لەبۆنە كۆمەڵایەتیەكاندا نەكردووە.



## دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لاپەڕەیەكی نوێ لەنێوان خۆت و خۆشەویستەكەت دەكرێتەوە، لەلایەن كەسێك كە جێگای متمانەی هەردووكتانە، بەمەش كۆتایی بەو دابڕانە دێت كە ماوەیەك بوو هۆكاری خەمناكی هەردووكتان بوو.



## كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بە شێوازێكی تر سەیری ئەم رۆژانەی ژیانت بكە و وامەكە تەنها ناخۆشیەك هەموو خۆشیەكانت لەبیر بباتەوە. ئەگەر بیركردنەوەی خۆت بگۆڕیت، بەدڵنیاییەوە گۆڕانكاری باش دێنە پێشەوە و پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانت باشتر دەبن.



## گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩

كاتێكی زۆر خۆش بەسەر دەبەیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەكەت و بۆت دەردەكەوێت كە ئەو خۆشیەی ئەو كاتە هەستی پێ دەكەی زۆر جیاوازە و ئاسوودەییەكی زۆرت پێ دەبەخشێت.



## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

دڵی كەسێكی خۆشەویستت لێ رەنجاوە و چاوەڕوانی ئەوەیە ئاشتی بكەیتەوە نەك بەو شێوەیەی ئێستا تەنها بیری لێ بكەیتەوە، شكاندنی دڵ زۆر بە ئازارە، بۆیە سەردانی بكە و داوای لێبووردنی لێبكە.




## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

قسەكانی خۆشەویستەكەت زۆر كاریگەریت لەسەر دروست دەكات و وات لێدەكات زیاتر بڕوات بە خۆت هەبێت، لەكاتی بەشداریكردن لە ئاهەنگێكی خێزانیدا چاوت بە چەند هاوڕێیەكت دەكەوێت و یەكێكیان مژدەیەكی خۆشت پێدەدات.

ئا/ هێمن قەسرەیی
hemntoni@yahoo.com

# بۆیە كردنی سەر لە جیاتی قژ



چەندین مۆدەی قژ و بۆیە كردن پەیدا بووە، ئەمەش وەك رێگەیەك بۆ سەرەنجڕاكێشی و جوانی لە مۆدەكانی قژ، هەر یەكە بەپێی حەز و خواستی خۆی ئەو كارە دەكات، ئەمەش وادەكات ببێتە حاڵەتێكی سەیر و جوان لە مۆدەكانی قژ، بۆیە دەكرێ هەر یەكە شێوازێكی بۆ قژی هەڵبژێرێت بە مەرجێك لەگەڵ سیما و شێوەی خۆی بگونجێ.

كەچی وادیارە ئەو گەنجانە شێوازێكی دیكەیان هەڵبژاردووە، لەوەی چۆن قژیان بۆیە بكەن، ئەم مۆدەیە بەو دواییە دەركەوتووە و گەنجەكان كاریان لەسەر كردووە، بۆ ئەوەی وەك مۆدەیەك بێ، دوور لە قژ، تەنیا بۆیە كردنی سەر بێ، ئەمەش وادەكات لایەنێكی جیاواز دروست بكات و ببێتە یەكێك لە مۆدە سەیرەكان.

